سەید حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی کۆریای باشوور پێوەندییەکان و سەقامگیری ناوچەکە و تەواو کردنی شایستە دەستوورییەکان باس دەکات

لەنووسینگەی خۆی لە بەغدا بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز لی جۆن ئیل باڵیۆزی کۆریای باشوور لە بەغدا، لەم دیدارە باس لە پێوەندییەکان و دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرا بەتایبەتی شێوەی سەر کەماری ئیسلامی ئێران و بابەتی وەستاندنی شەڕەکە بە بەدی هێنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا، هەروەها باس لە تەواو کردنی شایستە دەستوورییەکانیش کرا وبەڕێز حەکیم ئاماژەی کرد کە عێراق لەئێستادا لەم دۆخە ناسکە پێویستی بە دامەزراندنی حکومەتێکی بە دەستەڵات هەیە.

سەبارەت بە دۆخی عێراقیش سەماحەتی حەکیم بەپێویستی زانی شایستە دەستوورییەکان تەواو بکرێن بەتایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و پێکهێنانی حکومەتێك کە بتوانێت ئەرکەکان بگرێتە ئەستۆ لەم دۆخە ناسکەی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت.